# ضاوثيكةوتني جبار محسن و شيرين محسن لة بلآوكراوةي فريدريكستادبلاد سةبارةت بة هةلَبذاردنةكاني عيراق




سەرلە ئێوارەی 30.1.2005 بڵاوكراوەی فرێدریكستاد بڵاد چاوپێكەوتنێكی سازدا لەگەڵ جبار محسن كادری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق سەبارەت بە هەڵبژاردنەكانی عێراق . بڵاوكراوەكە گرنگییەكی تایبەتی دابوو بە چاوپێكەوتنەكەو لە لاپەڕەی یەكەمیدا ئاماژە بۆ خوێنەرانی ئەكات كە لە لاپەڕە سێی ڕۆژنامەكەدا چاوپێكەوتن لەگەڵ كەسێكدا بخوێننەوە كە هەڵبژاردن موقاتەعە ئەكاتو تەسەورێكی ڕادیكاڵو واقعی هەیە لەسەر عێراق. چاوپێكەوتنەكەش بەچەند ناونیشانێك ئیبراز كرابوو، لەوانە ( مەعلوماتی ئاوەژوی میدیاكان ، خەڵكێكی زۆر كوژراون ، هەڵبژاردنێكی ناعادیلانە ) ،هەروەها بە گەورەیی ئەو قسەیەی جبار ئیبراز كرابوو كە تیرۆر كۆتایی پێ نایەت هەتا ئەمریكا لە عێراق بمێنێتەوە . لە هەمان لاپەڕەشدا چاوپێكەوتنێك كە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ شیرین محسن، كادری حیزبو نوێنەری ڕێكخراوی ئازادی ژن لە عێراق لە فریدریكستاد ، سازكرابوو بلاَوكرابۆوە . لەو چاوپێكەوتنەشدا شیرین ئەوەی باس كردووە كە خەڵك بەهەڕەشەی بڕینی معاشو كۆبۆنی خواردن ناچار بە دەنگدان كراوەو ئەم هەڵبژاردنە هیچ سودێكی بۆ ژنان تیا نییە . شایەنی باسە بڵاوكراوەی فرێدریكستاد بڵاد زۆرترین خوێنەری هەیە لەشاری فرێدریكستاددا ، ئەم چاوپێكەوتنانەش بەدوای زنجیرەیەك چالاكی تەشكیلاتی حیزبدا دێت كە بۆ موقاتەعە كردنی هەڵبژاردنەكان بەڕێخران .

**ڕێكخراوی نەرویجی**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

31.01.2005